
مەسرور بارزانی پیرۆزبایی لە پاپا لیۆی فرانسیس پریقەست دەکات



سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی، پیرۆزبایی لە لیۆی فرانسیس پریقەست، بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەک 267ـەمین پاپای ڤاتیکان کرد.

پێنجشەممە 8ـی ئایاری 2025، مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە هێڵماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە پاپا لیۆی فرانسیس پریقەست کرد.

لە پەیامەکەی سەرۆک وەزیراندا هاتووە: "بە ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە دڵەوە پیرۆزبایی لە قەداستی پاپا لیۆی فرانسیس پریقەست، (لیۆ چواردەیەم) دەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرکی کۆمسای کاسۆلیکی."

مەسرور بارزانی، گوتی: هیوادارم پاپایەتی ببێتە هۆی ئاشتی و دیالۆگی نێوان ئایینەکان و ئاشتەوایی.